# حوكمی دووباره وچەند باره ئەنجامدانەوەی حەج

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی وفەتوادان

وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تكرار الحج

« باللغة الكردية »

## اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی دووباره وچەند بارە ئەنجامدانەوەی حەج

ئـەم پرسـیارە ئـاڕاسـتـەی لـیژنـەی هـەمیشـەیـی بۆ لـێکوڵـینـەوەی زانستی وفـەتـواداان کرا :

**پرسیار** : ئـایا بۆ ئـەو کـەسـەی ئـارەزووی هـەبێت و نـاڕەحـەت وگران نـەبێت لـەسـەری کـارێکی بـاشە کە هـەموو ساڵێك حـەج بکات، یان بـاشتر وایە کە سێ ساڵ جارێك یان دوو ساڵ جارێك ئـەنجامی بدات ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گـەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤـایـەتی محمدی پێغـەمبـەری ئیسلام و ئـال وبـەیت و هـاوەڵ وشوێنکـەوتوانی هـەتا هـەتایـە .

خوای گـەورە حـەجی لـەسـەر هـەموو کـەسێکی بـاڵغی بـەتوانا فـەرز کردووە، کە لـەتـەمنیدا یـەکجار ئـەنجامی بدات، لـەوە زیاتر

کارێکی سوننەت و خۆبەخش دادەنرێت کە مرۆڤی باوەڕدار بەو هۆیەوە زیاتر خۆی لەخوای گەورە نزیك دەکاتەوە، ئەو حەجەشی بە سوننەت وخۆبەخشانە دادەنرێت بە ژمارەیەك دیاری نەکراوە، دووبارە و چەند جارە کردنەوەی بەندە بە توانا و بار وگوزەران وتەندروستی ئەو کەسە وحاڵی خزم و کەسە هەژارەکانی دەوروبەریەوە، هەروەها بەندە بە بەرژەوەندی گشتی ئومەتی ئیسلام ویارمەتیدانیان بە نەفس ومالْی خۆی، هەروەها بەندە بە پلە وپایەی ئەوکەسە لەناو موسڵمانان وسود وقازانجی بۆیان، لە حاڵەتی ئامادە بوون و سەفەری بۆ حەج و غەیری حەجیش، جا لەبەر ئەوە هەموو کەس دەبێت تەماشای خۆی بکات، بزانێت ئایا سوودی ئومەتی ئسلام و موسڵمانان لە کوێدایە ئەوە ئەنجام بدات، ئەگەر سوود وقازانج وبەرەژەوەندی گشتی موسڵمانان لەوەدا بوو، وە وا پیویستی دەکرد کە سەفەری حەج بکات، ئەوە باش وایە حەجی سوننەت وخۆبەخشانە بکات، خۆ ئەگەر وا پێویستی دەکرد کە ئەو پارە وپوڵەی کە دایناوە حەجێکی تری پێ

بیدات بە هەژاران ونەدارانی وولاّتەکەی لەم حالّەتەدا واباشە حەجەکەی نەکات وبەدەم خەڵکە هەژارەکەوە بێت، بەو مانایەی دەبێت بەرژەوەندی گشتی ئومەتی ئیسلام ڕەچاو بکرێت لەو حالّەتەدا و پێش بخرێت بەسەر هەموو بەرژەوەندیەکانی تردا ....

خوای گەورەش پشت وپەنای هەمووان بێت ...

سەرچاوە : فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵێنەوەی زانستی و فەتوادان بەرگی ١٤/لاپەرە ١١ .